# 34

# دلت بکەرە نشینگای

# خۆشەویستی خوا

**پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ لەفەرموودەیەکدا ئەفەرموێ: سەیرم لەوکەسە دێت کە فریای ڕەمەزان ئەکەوێت و تەوبە ناکات، ئەو ڕەمەزانەی کەهەمووی بەرەکەتە، ئەو ڕەمەزانەی کە پێغەمبەری خوا لەفەرموودەێکدا ئەفەرموێ: (من صام رمچان ايماناً واحتساباً غفر له ما تقدم من ژنبه)[1].**
**ئەوەی لەبەر خوا بەڕۆژوو بێ لەڕەمەزانا وە بەتەمای ئەجرو پاداشت بێ، خوای گەورە لەهەموو گوناهێکی خۆش ئەبێت. لەفەرموودەیەکی تردا ﷺ ئەفەرموێ : ﴿وسلسلت الشياگين﴾[2] ئەگەر رەمەزان هات شەیتانەکان ئەبەسترێنەوە، کەلەبچە ئەکرێن. باشە ئەی بۆچی ئێمە گوناهـ کار ئەبینین لەڕەمەزانا؟ بۆچی خەڵکی گوناهـ ئەکات لەڕەمەزانا؟ گەر شەیتانەکان بەسترابێتنەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کەسەرچاوەی گوناهـ دووانە: نەفس لەگەڵ شەیتان.**
**بۆ نموونە: ئەوەی سەوزەو میوەی داناوە جوانەکەی لەپیشەوەیەو گەنیوە خراپەکەت بۆ دائەنی، فیلت لی ئەکات، یان دزی ئەکات، هەر دەرفەتیکی بۆ بلوی دزیەکەی خۆی ئەکات. ئەم جۆرە گوناهانە کەبەچاو ئەیبینین پەیوەندی بە شەیتانەوە نی‌یە، ئەوە دەروونی ئەو مرۆڤە نەخۆشە، گرفتەکە لەئیمان و لەدلی ئەوکەسایە کە ئەم کردارانە ئەکات پەیوەندی بە شەیتانەوە نی‌یە. باشە ئیمە چۆن گوناهـ جیا بکەینەوە. بلیین ئەم گوناهە سەرچاوەکەی شەیتان بوو، ئەم گوناهە سەرچاوەکەی نەفسی ئینسان بوو؟ زۆر ئاسانە جیاکردنەوەیان ئەو گوناهەی کە بەردەوامەو یەك جۆرە ئەوە هی نەفسە. چونکە شەیتان قەت رازی نی‌یە بەیەك جۆر لە گوناهـ، هەمیشە کە گوناهیکی بچوکت پێ دەکاتدوای ئەوە گوناهی گەورەترت پی ئەکات وە هەروەها بەم چەشنە. بەڵام بزانە کەخوا (جل جلالە) ئینسانی دروست کردوە (هیزی)ی داوەتی عزەتی داوەتی، تەکریمی کردووە بەعەقل و بەرۆحیکی تایبەت و ئامادەیی تایبەتی داوەتی (فى احسن تقويم)[3] (ولقد كرمنا بنى ادم)[4]، کردوویەتی بەسەرکردەی مەخلوقاتەکان بەڵام خۆی کەبەوویستی خۆی وازئەهینی لائەدا، ئەوساکە شەیتان یاری پی ئەکات.**

---

(1) صحيح البخاري / كتاب الايمان / رقم (٣٦) و (١٧٦٨). مسند أحمد / رقم (٢١٧٠٠).
(2) إذا دخل شهر رمضان فتحت أبواب السماء وغلقت أبواب جهنم وسلسلت الشياطين. / عن ابي هريرة / صحيح البخاري / كتاب الصوم / ١٧٦٦.
(3) التين / ٤.
(4) الاسراء / ٧٠.

ئەو شەیتانەی کەلەرۆژی قیامەتا چی ئەلی بەخوای گەورە وەك قورئان بۆمان باس ئەكات (ما كان لى عليكم من سلگان إلا أن دعوتكم فاستجبتم لى فلا تلوموني ولوموا أنفسكم)[٥] ئەلی هیچ جۆرە دەسەلاتیکم نەبووە بەسەرتانا تەنها بانگم کردوون ئیوە وەلامتان داومەتەوەو بەقسەتان کردووم ئەمرۆ لۆمەم مەکەن لۆمەی خۆتان بکەن. خوای گەورەش مژدانە مان ئەداتی لەقورئانا ئەفەرموی ﴿إن عبادي ليس لك عليهم سلگان﴾[٦] واتە: ئەوانەی ئەمپەرستن لە بەندەکانی خۆم ئەی شەیتان تۆ دەسەلاتت نی‌یە بەسەریانا. کەئەلیین: شەیتان ئیتر سەربازەکانی‌وداروەستەی لە مرۆڤ و پەری (جن) هەمووی ئەگریتەوە. خوا مژدەمان ئەداتی ئەوانە دەسەلاتیان نی‌یە بەسەرتانا لەوانەیە لەحالەتیکی غەفلەتدا هەندی خەیال و شتت بۆ بینی ئەوە شتیکی زۆر سروشتی‌یە بەلام خیرا هۆشت دیتەوە بەر خۆت خوای گەورە کە وەصفی ئیمانداران ئەکات کە بێ گوناهـ نین ئەفەرموی :﴿إڎا مسهم گائف من الشيگان تڎكروا فأڎا هم مبصرون﴾[٧] کەشەیتان دی بۆ لایان خەیال و شتیکیان بۆ دروست ئەکات لەنەفسیانا خیرا هۆشیان دیتەوە بەخۆیاناو خەبەریان ئەبیتەوەو چاوی دلیان ئەکەویتە گەر. تەنها لەحالەتی غەفلەتدا شەیتان زەفەرت پی ئەبات. ئینسانیش بەچی بەرگری لەخۆی ئەکات بەئیسلامەتیەکی راستەقینە، ئیسلامەتی چی‌یە؟ باوەکو ئەو حکایەتەی کەچەند جاری باسمان کردووە[٨] پینج نابینا لەشوینیکدا ئەژیان نالیم (حافڤ) چونکە نابینا هەیە (حافڤ)نی‌یە (حافڤ) یەعنی قورئانی لەبەرە.

یەکیکیان نەخۆش ئەبی‌و گوییان لەهاواریك ئەبی (فیل، فیل) چوارەکەیان ئەرۆنە دەری‌و دینەوە نەخۆشەکە پییان ئەلی: فیل چی‌یە؟ یەکەم کەس ئەلی: وەك پیستیك وایە (دەستی داوە لەگوی). دووەمەکە دیتە ژووری: ئەلی: فیل وەك رم وایە (دەستی داوە لەکەلبە دریژەکەی کە پیی ئەلین (ناب) بەگۆچان لی‌ی داوەزرنگەی هاتوە شتیکی زۆر پتەوە لەئیسقان زۆر بەهیزترە ئەلی‌ی پۆلایە نوکەکەشی تیژە، هەر ئەلی‌ی رمە). کابرای نەخۆش نەیئەتوانی گونجانیك دروست کات لەنیوان رم لەگەل پیست دا. ئەم ناسکە و ئەمیش شتیکی پتەوو.سیهەم هاتە ژووری ووتی: وەکو قەدی دار وایە (دەستی بردبوو بۆ قاچی). چوارەم هاتە ژووری، ووتی: (وەکو پەت و گوریس وایە). دەستی بردبوو بۆ کلکی ئایا فیل پەیوەندی هەیە بەم شتانەی باسمان کرد؟ ئەوەی کەداخلی کۆلیژی ئەندازیاری ئەبی یەکەم جار چی فیر ئەکەن؟ زانستیکی فیر ئەکەن (دروست کردنی نەخشە)ی پی‌ی ئەلین فیری نەخشەیان ئەکەن لەسەر زەوی ئینجا دوای ئەوە ئەو بینایەی کە هەلزتاوە بە ئاسماندا نەخشەکەی چۆنە؟ لەپیشەوە چۆن ئەبینری؟ لەلاکانەوە چۆن ئەبینری؟ لەسەرەوە چۆن ئەبینری؟ لەدواوە چۆن ئەبینری.

واتە: یەك بینا چەندین نەخشەی هەیە. یەکیکیش شارەزا نەبیت وائەزانی ئەم نەخشانە هی بینای جیاجیان.

ئەندازیاری لیهاتوو لەهەچ لایەکەوە سەیر بکات ئەتوانی نەخشەی ئەو بینایە بکیشیت. جا نموونەکەمان بۆ مەبەستی تیگەیشتن بوو لە ئیسلام ئەم ئیسلامە عەزیمەی ئیمەش گوناهە لەگۆشەیەکی تەسکەوە وەصفی بکەین، ئەم ئیسلامە گەورەیە کە ئیسلام مەبەستم دینی خوایە لەحەزرەتی ئادەمەوە تا حەزرەتی پیغەمبەر (صەلات و سەلامی خوایان لی بی).

گوناهە ئەم ئایینە گەورەو گرنگە کۆکەیتەوەو بلی‌ی بریتی‌یە لەنویژ و لەرۆژوو رووبینای بچوك ئەمە دروست ئەکات، دیینە سەر پیناسەیەکی پیغەمبەر ﷺ ئەو چۆن پیناسەی ئیسلامی کردوە، پیاویك چەندین پرسیاری لەپیغەمبەر کرد (علیه صلاه وسلام) یەکی لەو پرسیارانە چی بوو (من الاسلام) ئیسلام چی‌یە؟ ئەی پیغەمبەری خوا. فەرمووی: ﴿أن يسلم قلبك لله وأن يسلم المسلمون من لسانك ويدك﴾[٩].

---

(٥) إبراهيم / ٢٢.

(٦) الحجر / ٤٢.

(٧) الاعراف / ٢٠١.

(٨) لە (مثنوي) مەولانا جلال الدینی رۆمی‌دا هاتووە.

(٩) بەمەتنی کەمیك جیاواز لە مسند أحمد / ژمارە (١٤٤٦٥ هاتووە.

پێناسەیەکی جوانە، دڵت تەسلیمی خوا بێت وە موسڵمانان پارێزاوبن لەزمانت و لەدەستت. دوو بڕگەیە فەرموودەکە. پێناسەکە دوو بەشە بەشێکیان (باگن)ە ناوەوەی خۆتە، خودی ئیمانەکەتەو بەشێکیشیان: هەڵس و کەوتەکەتە (ڕەفتارو گفتار) جا بێین، بەو پێوەرە ئیسلامییە لەخۆمان بپرسینەوە (حاسبوا انفسكم قبل أن تحاسبوا)[10] موحاسەبەی خۆمان بکەین ئەو ئامێرە بێنین کە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە (علیه الصلاە والسلام) بزانین تا چ ڕادەیەك ئیسلامەتی چۆتە دڵمانەوە، وە تا چ ڕادەیەك جێ بەجێمان کردووە، ئیمان نوورێکی خواییە: ئەبێ بچێتە دڵەوە پاشای ئەندامەکان دڵە شوێنگەی ئیمانە، کۆشکە، کۆشك گەر سەقفی نەبێ پێی ناوترێ کۆشك، خانووێك ئەگەر دەرگاو پەنجەرەی نەبێت ئەو کەسانەی کەلەناویدا ئەژین ئەشێت ڕووبەڕووی دزیو سەرما ببنەوە، هەروەها ئیمانیش کەلەناو دڵێکی شەق و شڕا بێت ئەو ئیمانە بریندار ئەبێت، ئەو ئیمانە ڕائەکات لەودڵا. لەبەر ئەوە پەیکەری دڵ کەبەتەواوەتی تەسلیمی خوای گەورە بێت ئەبێت چەند صیفەتێکی تیابێت کە پێیان ئەوترێ صیفاتی (صەمەدانی) صیفاتی خوایی صیفاتی ڕەبانی. پەیوەندیەکان لەگەڵ خوا (جل جلالە) یەکەم: (اخلاص)ە دڵێك دڵسۆزی تیا نەبێت قەت ئیمان نایەتە ناویەوە. دووەم خۆشەویستیخوای گەورە، خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ ، حەیاو شەرم لەخوای گەورە، ترس لەخوای گەورە، ناسینی خوای گەورە، تکاو داوا لەخوای گەورە پشت بەستن ((توكل)) بەخوای گەورە، خۆگرتن لەسەر نەهامەتیو ناڕەحەتی خوایی، ڕەزابوون بەقەدەری خوای گەورە، تەوبەکردن. ئەمانە صیفاتن، مەرجە لەدڵا هەبن ئینجا ئیمان دێتە ناویەوە، ئینجا ئەو دڵە شایستەیە بۆ ئەوەی ئیمان بباریێ بەسەریا، ئیمان بێ بحەوێتەوە لەناویا. ئەمە مەرجی یەکەمی فەرموودەکەیە ئایا ئێمە ئەمانەمان تیایە؟ یان تێکەڵمان کردووە ترسی خواو خەڵك و شوێن و... لەناو دڵمانایە. تکاو داوامان لە کەسی تریش هەیە جگە لەخوای گەورە، پشت بەستنمان بەغەیری خواش هەیە، کە دڵەکە ئاوا دوولایەنی تیابوو ئیمانی ڕاستەقینە نایەتە ناویەوە.

ئەم صیفاتانەی باسمان کرد، مەرجی یەکەمی فەرموودەکەیە، یەکێك لەمانە کە مادام لەناو دڵایە و دڵیش ووتمان پاشای ئەندامەکانە، هەمووی، ئەبێتە گفتارو ئەبێتە کردارو ئەدرەوشێتەوە پێویستە بدرەوشێتەوە لەژیانی ڕۆژانەماندا، هەر خاڵێك لەمانە بەکۆباسێکی تایبەت و جیاواز تەواو نابێ بۆ نموونە: خۆشەویستی خواو پێغەمبەر ﷺ .

جابر کە بەعبدالله ی کوڕی ئەڵێ لەغەزای ئوحودا: کوڕی خۆم تۆ بمێنەرەوە لای خوشك و دایکت. بامن شەهید ببم. ئەڵێ: باوکە بۆ هەموو شتێ بەقسەت ئەکەم بەڵام ئەمە بەهەشتە بەهەشت. ئەمە خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەیەتی. یەعنی ئەم صیفاتانە لەناو دڵیانا بەتەنیا بەشێوەیەکی (نڤری) نەبووە، بەڵکو بووەتە حاڵ لە کردارو گوفتاریاندا..

لەزەمانی (صلاح الدینی ئەیوبی)دا (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) کە کۆتایی هێنا بەجەنگێکی (١٩٧) ساڵی خاچ پەرستەکان کە فەلەستینیان داگیرکردبوو. لەو ماوە دوورو درێژا ئیسلام شەش سەرکردەی هەبوو، پێنجیان تورك بوون، دواهەمینیان کوردبوو عەرەب موشەڕەف نەبوو بەسەرکردایەتی لەو (١٩٧) ساڵەدا ئەو (صلاح الدینی ئەیوبی) یەکە ئەم هەموو نەخشە جوانەی دانا بۆ ڕزگار کردنی قودس، لێیان پرسی چۆن (قودس)ت ڕزگار کرد؟ فەرمووی: بەشەو نوێژ ئەو صیفاتانەی کە باسی ئەکەین بەپاڕانەوەو بەتەوبەکردن. بەڵام ئایا هۆکاری، بەجێ هێشتووە، نەخێر! کتێب بخوێننەوە بزانن چ هۆکارێکی گرتووەتە بەر، بەجلی قەشەوەو بەخاچی ملەوە چەندەهای ناردووە بۆ ئەوەی بچنە قودسەوە. ئاوها مەفرەزەی خستۆتە ناویانەوە.

هۆکارەکانی هەموو جێبەجێ کردووە. هێزی ئەو وەختەی هەموو بەکارهێناوە، بەڵام پشت بەستنی سەرەکی تەنها خوای گەورە بووە. فەرمووی بدەن لەیەك شوێن با ئەو دیوارە بڕوخێ هەتا دەلاقەیەك کەوتە شورەی قودسەوە ئەوانیش هەموو ڕمەکانیان هێنا بۆ ئەوەی کەس نەیەتە ژووریێ، (صلاح الدین) فەرمووی: با یەك کەس بەقەڵغانەکەیەوە خۆی بکات بەناویانا ئێمەش دوای ئەکەوین. قسەکەی تەواو نەکرد برادەرێك خێرا بەپەلە

---

([10]) ئەمە گوفتاریکی جوانی (عومەری کوری خەتتاب)ە.

بەقەلغانەکەی چوو بەناویاناو ئەمانیش بەدوایا خوای گەورە ئەو ئینسانەی کرد بەسەبەب کە قودس رزگاری ببی. (١٩٧) سال جەنگ کۆتایی هات. گەرا بەشوینیا پاش دوو رکعەتی نویژی شوکر، پرسی کییە؟ کەسیك نەبوو بیناسێ خەلاتی بکات، پاشان نامەیەکی بۆ هات کە تیایدا نووسرابوو (ئەو کەسە بۆ خۆئاشکراکردن سیمەرجی هەیە. یەکەمیان: ناوی نەلیی بەکەس. دووەمیان: هیچ خەلاتیکی نەکەی. سییەم: هیچ پلەو پایەیەکی نەدەیتێو نزیك خۆتی نەخەیتەوە.) هەر ئەو نامەیەو بەس، تا ئەمرۆش کەسێ نییە بزانێ ئەو مەردە دلسۆزە کێ بوو؟ ناوی چی بوو؟

میژوو ئەو کابرایە ناناسی ئەمەیە دلسۆزی. قودس پاش (١٩٧) سال رزگاری ئەبیت، نازانی کی رزگاری کردووە، ئەمەیە ئیخلاص..

مەرجی دووەم لەفەرمووودەکەدا ئەوەیە کە موسلمانان پاریزراوبن لەزمان و دەستت، ئەو پیوەرە بینە بیخەرە دلتەوە موحاسەبەی خۆت بکە لەبچوکترین بازنەی ژیانی کۆمەلایەتی کە خیزانە بیرکەرەوە لەناو خیزانەکەدا عەزیەتی چەند کەست داوە بەزمان و دەستت، ئەگەر سەرکردەی خیزانەکەیت چەند جار عەزیەتی ژنەکەت داوە؟ عەزیەتی منالەکانت داوە؟ ئەگەر ئەندامیکی لەو خیرانە چەند جار عەزیەتی باوکت و دایکتت داوە؟ عەزیەتی خوشك و برات داوە؟ بەزمان و دەستت. بازنەکە فراوانتر کە بۆ سەر دراوسیو گەرەك، فراوانتری کە بیکە بەهەموو کۆمەلگەکە لەدائیرەکەتا لەقوتابخانا لەبازاردا. ئایا مەرجی ئیسلامەتییەکە بەتەواوەتی تیامانا هەیە؟ ئەو ئەخلاقە رەببانیەی کەباسمان کرد لەچەند کەسدا هەیە. زیان نەدات لەموسلمانان بەزمان و بەدەست لەچەند کەسدا هەیە. بەلام لەگەل ئەوەشدا کەس نییە بیگوناح بیت کەس نییە بیتاوان بیت خوای گەورە قاپی رەحمەتی کردۆتەوە، ئەوەی نائومید بی لەخوای گەورە نیشانەی کوفرە (نعوذ بالله) ﴿إن الله يغفر الذنوب جميعا﴾[١١] هەموو گوناحەکان ئەسریتەوە، بەمەرجی بزانی چۆن ئەو سکالایە بەرز ئەکەیتەوە بۆ خوا کە ئەلیی (استغفر الله) ئەوە سکالاکەت نووسی، بەلام تەوبە سکالاکە ئەگەیەنی بەخوا. (استغفر الله) ئیقرار ئەکەی دان بەئەوەدا ئەنیی ئەلیی فلان کردارم هەلە بوو خوای گەورە، ئەشیکەیتەوە، ئەوەپیی ئەلین (تەوبەی درۆزنان).

بەلام تەوبە سی مەرجی هەیە: یەکەمیان: هەست بەپەشیمانی بکەیت، هەست بەتالیەك بکەیت لەدلتا هەرچەند گوناحەکەت بیر ئەکەویتەوە مووچرکەت پیا بیت عەرەق بریژی ئەوە مەرجییەکەمە، ئەگیرنەوە: یەکی لەهاوەلەکانی موسا لەهەموو غەزاکاندا لەگەلیابوو، کەوەفات ئەکات موسا دوعای بۆ ئەکات ئەفەرموێ: خوای گەورە لەم وەلیە خۆش ببە. خوای گەورە جبرەئیل ئەنیریو ئەفەرموێ: ئەمە لەناو دۆزەخدایەدوعای بۆ نەکەیت، ئەفەرموێ:چۆن خوایە لەگەلما بووە لەهەموو غەزاکانا؟! ئەفەرموێ: کەباسی رابردووی ئەکردو باسی گوناحەکانی ئەکرد پیئەکەنی واتە: مەرجی تەوبەی تیانەبووە. مەرجی دووەم: پاش پەشیمانی راگرتنی ئەو گوناحەیە. مەرجی سییەم: پەیمان بدەیت بەخوای گەورەتا ماوی نەچیتەوە بەلای ئەو گوناحەدا. ئەم سی مەرجە جیبەجی بکە ئەوە لەو گوناحە خۆش ئەبی بەلام لەگوناحی تر خۆش نابی کەدیاریت نەکردووە. بەلام ئەگەر بگەیتە حالەتیك دابنیشی بیر بکەیتەوە لەهەموو گوناحەکانت فلیمی هەموو ژیانت لی بدەی بە (استغفر الله) وە بەپەشیمانییەوە هەموو حالەتی کەدیتە بەردەمت ئەو زولمانەی کە کردووتە بەزمان بەدەست، بە پشت گوێ خستن، چونکە ئەمە گوناحەکەی زۆر زیاترە لە (فاحیشە) کردن، ئەمانە کە دیت بەبەردەمی چاوی دلتا ئەگەر هەمووی پەشیمانیەکی گشتی بۆ بکەیت پاشان نیەتیکی وابینی بلیی خوایەگیان بەو پەری پەشیمانییەوە بەو پەری ئیرادەوە کەئیتر لەمەودوا ئەوەی فەرزە بیکەم وە ئەوەی حەرامە نەیکەم، وە پەشیمانم لەهەموو گوناحی کە کردوومەوە هەموو گوناحی کە بیرم نییە، وە هەموو گوناحی کە نەمزانیوە گوناحە، بگەیتە ئاستیك کە پیی بووتری (نیە عامە للتوبە) نیەتیکی گشتی بینی خوای گەورە تەوبەیەکی گشتی ئەبارینی بەسەرتا انشاو الله تەنها حەقی خەلکی نەبیت.

---

([١١]) الزمر / ٥٣.

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەفەرموێ : (الحج مبرور لیس له جزاو إلا الجنه) واتە: حەجی قبول کراو بەو مەرجانەی کە هاتووە بکرێ هەریەکەو بریتی شتێك ئەکەوێت، وەك: بریتی گوناحی چاو ئەمە بریتی گوناحی دەستە ئەمە بریتی گوناحی زمانە ئەو رەجمانەی کەلەشەیتانەکان ئەکرێ. کەدەست ئەدات لە (الحجر الاسود)ەوە پەیمان ئەدات بەخوای گەورە، خوای گەورە لەگوناحی خۆش ئەبێ بەڵام ئەگەر هاتوو دووبارەی کردەوە ئەوانەیشی بۆ زیندوو ئەکاتەوە، خوای گەورە تەوبەکاری زۆر خۆش ئەوێ بەتایبەت (گەنج)، گەنج چونکە توانای مەعصیەتی زۆر زیاترە لەپیر (أحب پلاپە وحبی لپلاپە اشد)[12] سی جۆر خەلکم خۆش ئەوێ فەرموودەییکە ماوە نابی باسی کەین، بەڵام یەکێکیان (تەوبەکارانە) خوای گەورە ئەفەرموێ: خۆشم ئەوین بەڵام گەنجەکانیانم زیاتر خۆش ئەوین.

(12) بەم مەتنە (... الثلاثة الذین یحبهم الله...) لە (المستدرك علی الصحیحین) الجزء ١ / ص٥٧٧ دا هاتووە.